# ژیانی پێغەمبەر ئیبراهیم

لە تەورات، سیپاری پەیدابوون

**پەیدابوون ١١: ٢٧-٣٢**

ئەمانەش نەوەکانی تارەحن. تارەح ئەبرام و ناحۆر و هارانی بوو. هارانیش (لۆت)ی بوو. هاران پێش تارەحی باوکی لە (ئوور)ی کلدانییەکان مرد، لەو خاکەی تێیدا لەدایک ببوو. ئەبرام و ناحۆر هەردووکیان ژنیان هێنا. ژنەکەی ئەبرام ناوی (سارەی) بوو، ژنەکەی ناحۆریش ناوی (میلکە) بوو، ئەمیان کچی هارانی باوکی میلکە و (یسکە) بوو. سارەی نەزۆک بوو و منداڵی نەبوو. تارەح ئەبرامی کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارەیی بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە دەرچوون تا بڕۆن بۆ خاکی کەنعان، جا هاتنە (حاران) و لەوێ نیشتەجێ بوون. ئینجا تارەح لە تەمەنی دوو سەد و پێنجساڵیدا لە حاران مرد.

**پەیدابوون ١٢ — خودا ئەبرام بانگ دەکات**

خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم. (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم و ناوت مەزن دەکەم و دەبیتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.)

ئیتر ئەبرام ڕۆیشت هەروەک خوداوەند پێی فەرموو، لۆتیش لەگەڵیدا ڕۆیشت. ئەبرام لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو کە لە حاران دەرچوو. ئەبرام سارەیی ژنی و لۆتی برازای و هەموو ئەو دەستکەوتانەی دەستیان کەوتبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە حاران بەدەستیان هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی، جا دەرچوون و بۆ خاکی کەنعان ڕۆیشتن. ئیتر هاتنە خاکی کەنعان. ئەبرام بە خاکەکەدا تێپەڕی تا شوێنی (شەکەم)، تا داربەڕووەکەی (مۆرە). ئەو کاتە کەنعانییەکان لە خاکەکەدا بوون. جا خوداوەند بۆ ئەبرام دەرکەوت و فەرمووی: (ئەم خاکە دەدەمە نەوەی تۆ.) ئەویش لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروستکرد کە بۆی دەرکەوتبوو. لەوێشەوە گواستییەوە بۆ چیاکەی ڕۆژهەڵاتی (بێتئێل) و چادرەکەی خۆی هەڵدا. بێتئێل کەوتبووە ڕۆژئاوایەوە و (عای) لە ڕۆژهەڵاتییەوە بوو. لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروستکرد و بە ناوی خوداوەندەوە نوێژی کرد. پاشان ئەبرام ڕووەو (نەگەڤ) بەردەوام بوو لە کۆچکردن.

**ئەبرام لە میسردا**

لەو کاتەدا برسییەتی لە زەوییەکەدا هەبوو، جا ئەبرام بەرەو خوار بۆوە بۆ (میسر) تاکو لەوێ بۆ ماوەیەک ئاوارە بێت، چونکە برسییەتییەکە زۆر سەخت بوو. کاتێکیش نزیکی ئەوە بوو بچێتە ناو میسرەوە، بە سارەی ژنی وت: (بە ڕاستی من دەزانم کەوا تۆ ژنێکی ڕوخسار جوانیت. جا کاتێک میسرییەکان دەتبینن، دەڵێن: "ئەمە ژنەکەیەتی." ئەوسا من دەکوژن و تۆ دەهێڵنەوە. بڵێ کە تۆ خوشکی منیت، بۆ ئەوەی بەهۆی تۆوە بە چاکی ڕەفتارم لەگەڵ بکەن، لەبەر تۆش گیانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە.) کاتێک ئەبرام هاتە میسر، میسرییەکان بینییان کەوا ژنەکە زۆر جوانە. کە سەرانی (فیرعەون) بینییان، لەلای فیرعەون ستایشیان کرد، ئیتر ژنەیان بۆ ماڵی فیرعەون برد. ئەویش بەهۆی ژنەکەوە بە باشی ڕەفتاری لەگەڵ ئەبرامدا کرد. ئیتر بووە خاوەنی مەڕ و مانگا و نێرەکەر و ماکەر و خزمەتکار و کارەکەر و وشتر. بەڵام خوداوەند لێدانی دەردی گەورەی لە فیرعەون و لە ماڵەکەی دا، بەهۆی سارەی ژنی ئەبرامەوە. ئیتر فیرعەون بەدوای ئەبرامدا ناردی و وتی: (ئەمە چییە تۆ بە منت کرد؟ بۆچی پێت ڕانەگەیاندم کە ئەو ژنی تۆیە؟ بۆچی وتت "ئەو خوشکمە"، تاکو بردم بۆ ئەوەی ببێتە ژنم؟ ئێستاش ئەوەتا ژنەکەت. بیبە و بڕۆ!) ئینجا فیرعەون هەندێک پیاوی بۆ ڕاسپارد. ئەوانیش لەگەڵ ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو بەڕێیان کرد.

**پەیدابوون ١٣ — جیابوونەوەی ئەبرام و لۆت**

ئیتر ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو، لەگەڵ لۆتدا لە میسرەوە بۆ نەگەڤ بەرەو ژوور بوونەوە. ئەبرام لە ئاژەڵی ماڵی و لە زیو و لە زێڕ زۆر دەوڵەمەند بوو. قۆناغ بە قۆناغ کۆچی کرد، لە نەگەڤەوە تاکو بێتئێل، تاکو ئەو شوێنەی یەکەم جار چادرەکەی ئەوی لێبوو، لەنێوان

بێتئێل و عای. بۆ شوێنی قوربانگاکەی کە یەکەم جار دروستی کرد، لەوێدا ئەبرام بە ناوی خوداوەند نوێژی کرد. هەروەها لۆتیش کە لەگەڵ ئەبرامدا دەڕۆیی، مەڕ و مانگا و چادری هەبوو. جا زەوییەکە هەردووکیانی هەڵنەگرت تا پێکەوە نیشتەجێ بن، لەبەر ئەوەی دەستکەوتیان ئەوەندە زۆر بوو کەوا ئیتر نەیانتوانی پێکەوە نیشتەجێ بن. ناکۆکی لەنێوان شوانەکانی مەڕوماڵاتی ئەبرام و شوانەکانی مەڕوماڵاتی لۆتدا ڕوویدا. لەو کاتەشدا کەنعانییەکان و (پریزی)یەکان نیشتەجێی زەوییەکە بوون.

ئینجا ئەبرام بە لۆتی وت: (با هیچ ناکۆکییەک لەنێوان من و تۆدا و لەنێوان شوانەکانم و شوانەکانتدا نەبێت، چونکە ئێمە مام و برازاین . ئەوە نییە هەموو زەوی لەبەردەمت دایە؟ کەواتە لە من جیا ببەوە. ئەگەر بەلای چەپدا بڕۆیت، من بەلای ڕاستدا دەڕۆم و ئەگەر بەلای ڕاستدا بڕۆیت، من بەلای چەپدا دەڕۆم.) لۆت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری (ئوردون) ئاوداره. وەک بەهەشتی خوداوەندە، وەک زەوی میسر کە بەرەو (چۆعەر) دەڕۆیت - - پێش ئەوەی خوداوەند سەدوم و عەمۆرا ویران بکات. لۆت هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردونی بۆ خۆی هەڵبژارد و بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. ئیتر هەردووکیان لە یەکتری جیا بوونەوە. ئەبرام لە خاکی کەنعاندا نیشتەجێ بوو، لۆتیش لە شارەکانی دەوروبەردا نیشتەجێ بوو، ڕووەو سەدوم چادرەکانی هەڵدەدا. خەڵکی سەدوم لە ڕادەبەدەر بەدکار و گوناهبار بوون، دژ بە خوداوەند.

دوای جیابوونەوەی لۆت لە ئەبرام، خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (چاوت هەڵبڕە و لەو شوێنەی کە لێیت، سەیری باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکە. چونکە هەموو ئەو زەوییەی دەیبینیت دەیدەمە تۆ و نەوەی تۆ تاهەتایە، نەوەشت وەک خۆڵی زەوی لێ دەکەم، تاکو ئەگەر یەکێک توانی خۆڵی زەوی بژمێرێت، ئەوا نەوەی تۆش دەژمێردرێت. بڕۆ، بە درێژایی و پانی زەوییەکەدا هاتوچۆ بکە، چونکە دەیدەمە تۆ.) ئیتر ئەبرام چادرەکانی گواستەوە و هات و لەلای داربەڕووەکانی (مەمرێ) لە (حەبرۆن) نیشتەجێ بوو، لەوێدا قوربانگایەکی بۆ خوداوەند دروستکرد.

## پەیدابوون ١٤      ئەبرام لۆت دەرباز دەکات

وا ڕوویدا کە لە ڕۆژانی (ئەمرافەل)ی پاشای شینعار و (ئەریۆک)ی پاشای (ئەلاسار) و (کدارلاعۆمەر)ی پاشای ئیلام و (تیدعال)ی پاشای (گۆئیم)دا، ئەمانە جەنگیان بەرپا کرد لەگەڵ (بەرەع)ی پاشای سەدوم و (بیرشەع)ی پاشای عەمۆرا و (شینئاب)ی پاشای ئەدما و (شەمێڤەر)ی پاشای چەبۆئیم، لەگەڵ پاشای (بەلەع)دا کە شاری چۆعەرە. هەموو ئەمانە لە (دۆڵی سیدیم)دا هێزەکانیان یەک خست کە ئەویش (دەریای مردوو)ـە. بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ژێردەستەی کدارلاعۆمەر بوون، بەڵام لە ساڵی سیانزەمیندا لێی یاخی بوون. لە ساڵی چواردەمیندا، کدارلاعۆمەر بە خۆی و ئەو پاشایانەی کە لەگەڵی بوون هات، (ڕفائییەکان)یان بەزاند لە (عەشترۆت قەرنەیم)دا، هەروەها (زوزییەکان) لە (هام)دا و (ئێمییەکان)یش لە (شاڤێ قیریاتەیم)دا، هەروەها (حۆری)یەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی (سێعیر)، تاکو (ئێیل پاران) لە قەراغی بیابان. ئینجا گەڕانەوە و چوونە (کانی میشپات) کە (قادێش)ـە و بەسەر هەموو هەرێمی (عەمالێق)ییەکاندا زاڵ بوون، هەروەها ئەمورییەکانیش کە نیشتەجێی (حەچچۆن تامار) بوون.

جا پاشای سەدوم و پاشای عەمۆرا و پاشای ئەدما و پاشای چەبۆئیم و پاشای بەلەع کە شاری چۆعەرە، هاتنە دەرێ و لە دۆڵی سیدیمدا بۆ جەنگ ڕیزیان بەست، دژی کدارلاعۆمەری پاشای ئیلام و تیدعالی پاشای گۆئیم و ئەمرافەلی پاشای شینعار و ئەریۆکی پاشای ئەلاساردا. چوار پاشا بەرامبەر بە پێنج. دۆڵی سیدیمیش پڕ بوو لە چاڵە قیر. کاتێک هەردوو پاشای سەدوم و عەمۆرا هەڵاتن و لەوێ کەوتن، ئەوانی دیکەش بۆ چیاکان هەڵاتن. ئیتر چوار پاشاکە هەموو شتومەکەکانی سەدوم و عەمۆرا و هەموو خۆراکەکانیان بردن و ڕۆیشتن. هەروەها لۆتی برازای ئەبرامیان لەگەڵ هەموو شتومەکەکەیان برد کە لە سەدوم نیشتەجێ بوو.

یەکێک لە دەربازبووان هات و بە ئەبرامی عیبرانی ڕاگەیاند. ئەو کاتە لەلای داربەڕووەکانی مەمرێی ئەموری، براکەی (ئەشکۆل) و (عانێر)، نیشتەجێ بوو. ئەمانیش لەگەڵ ئەبرام هاوپەیمان بوون. کاتێک ئەبرام بیستی کە برازاکەی ڕاپێچ کراوە، بانگەوازی بۆ خزمەتکارە مەشق پێکراوەکانی دەرکرد کەوا لەدایکبووی ماڵەکەی بوون و سێ سەد و هەژدە کەس بوون، ئیتر تا (دان) دوایان کەوت. کە شەویش داهات خۆی و پیاوەکانی دابەش بوون، جا هێرشی بردە سەریان و تەفروتونایان کردن و تاکو (حۆڤا) دەرییەڕاندن، کە لە باکووری (دیمەشق)ـە. جا هەموو شتومەکەکان و هەروەها لۆتی برازای و شتومەکەکانی و ژنەکان و خەڵکەکەی هێنایەوە. دوای گەڕانەوەی ئەبرام لە بەزاندنی کدارلاعۆمەر و پاشاکانی دیکەی هاوپەیمانی، پاشای سەدوم بۆ پێشوازیکردنی هاتە دەرەوە لە (دۆڵی شاڤێ) کە (دۆڵی پاشا)یە.

(مەلکیسادق)ی پاشای (شالیم)یش نان و شەرابی دەرهێنا. ئەو کاهینی (خودای هەرەبەرز) بوو. داوای بەرەکەتی بۆ کرد و وتی: (با خودای

هەرەبەرز، دروستکەری ئاسمان و زەوی، ئەبرام بەرەکەتدار بکات. ستایش بۆ خودای هەرەبەرز کەوا دوژمنانی تۆی دا بەدەستت.) ئەبرامیش دەیەکی هەموو شتێکی پێ دا. ئینجا پاشای سەدوم بە ئەبرامی وت: (خەڵکەکە بدە بە من و شتومەکەکانیش بۆ خۆت ببە.) ئەبرامیش بە پاشای سەدومی وت: (سوێندم خواردووە بۆ خوداوەند، خودای هەرەبەرز، دروستکەری ئاسمان و زەوی، کە ئەگەر تاڵە دەزوویەک یان قەیتانی کەوشێک یان شتێک لە هەموو شتەکانی تۆ ببەم، بۆ ئەوەی هەرگیز نەڵێیت: "من ئەبرامم دەوڵەمەند کرد." تەنها ئەوە نەبێت کە هەرزەکارەکان خواردوویانە، بەشەکەی ئەو پیاوانەش کە لەگەڵم ڕۆیشتن، عانێر و ئەشکۆل و مەمرێ، ئەوان بەشی خۆیان وەردەگرن.)

### پەیدابوون ١٥ — خودا پەیمانێک لەگەڵ ئەبرامدا دەبەستێت

دوای ئەم شتانە، لە بینیندا وشەی خوداوەند بۆ ئەبرام هات، فەرمووی: (مەترسە ئەی ئەبرام، من قاڵغانم بۆت، پاداشتت زۆر گەورەیە.) ئەبرامیش وتی: (ئەی خوداوەندی باڵادەست، چیم دەدەیتێ کە من هەروا وەجاغ کوێر بم و میراتگری ماڵم (ئەلیعەزەر)ی دیمەشقییە؟) هەروەها ئەبرام وتی: (ئەوەتا هیچ وەچەیەکت نەداومەتێ، ئەوەتا ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایک بووە دەبێتە میراتگرم.) لەو کاتەدا وشەی خوداوەندی بۆ هات، فەرمووی: (ئەمە میراتگرت نابێت، بەڵکو ئەوەی لە هەناوتەوە دێتە دەرەوە ئەو دەبێتە میراتگرت.) ئینجا بردیە دەرەوە و فەرمووی: (سەیری ئاسمان بکە و ئەستێرەکان بژمێرە، ئەگەر دەتوانیت بیانژمێریت.) هەروەها پێی فەرموو: (نەوەکەت ئاوا دەبێت.)

جا ئەبرام باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا. ئینجا پێی فەرموو: (من خوداوەندم، ئەوەی لە ئووری کلدانییەکانەوە تۆی هێنایە دەرەوە، تا ئەم زەوییەت بە میرات پێ ببەخشێت.) ئەویش وتی: (ئەی خوداوەندی باڵادەست، چۆن بزانم کە من دەبمە میراتگری؟) خوداوەندیش پێی فەرموو: (گوێرەکەیەکی مێی سێ ساڵە و بزنێکی سێ ساڵە و بەرانێکی سێ ساڵە و قومرییەک و کۆترێکم بۆ بهێنە.) ئەمانەی هەموو بۆ هێنا و لە ناوەڕاستەوە لەتی کردن، لەتی هەریەکەشیانی بەرامبەر ئەوی دیکە دانا، بەڵام باڵندەکانی لەت نەکرد. ئینجا سیسارکە کەچەڵەکان بۆ سەر کەلاکەکان هاتنە خوارێ، بەڵام ئەبرامیش دووری خستنەوە.

کە خۆریش بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئەبرام کەوتە خەوێکی قووڵەوە، لەناکاو تاریکییەکی ترسناک و سەختیشی بەسەردا هات. ئینجا خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (بە دڵنیاییەوە بزانە کە وەچەکانت لە خاکێک نامۆ دەبن هی خۆیان نییە، دەبنە کۆیلەیان و چوار سەد ساڵ دەیانچەوسێننەوە. بەڵام ئەو نەتەوەیەش حوکم دەدەم، کە ئەوان خزمەتیان دەکەن. دوای ئەوە بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دێنە دەرەوە. بەڵام تۆ بە سەلامەتی دەچیتە لای باوباپیرانت و لە تەمەنێکی باشی پیریدا دەنێژرێیت. لە نەوەی چوارەمیشدا، وەچەکانت دەگەڕێنەوە ئێرە، چونکە هێشتا تاوانی ئەمورییەکان نەگەیشتۆتە ئەندازەی تەواوی خۆی.)

ئینجا کاتێک خۆر ئاوابوو و تاریکی داهات، لەناکاو تەنوورێکی پڕ دووکەڵ و مەشخەڵێکی داگیرساو دەرکەوت و لەنێوان پارچەکاندا تێپەڕی. لەو ڕۆژەدا خوداوەند پەیمانێکی لەگەڵ ئەبرامدا بەست و پێی فەرموو: (ئەم خاکە دەدەمە وەچەکانی تۆ، لە ڕووباری میسرەوە تا ڕووبارە گەورەکە، ڕووباری فوڕات - - خاکی(قێنییەکان) و (قەنیزییەکان) و (قەدمۆنییەکان) و حیسییەکان و پریزییەکان و ڕفائییەکان و ئەمورییەکان و کەنعانییەکان و گرگاشییەکان و یەبوسییەکان.)

### پەیدابوون ١٦ — هاجەر و ئیسماعیل

سارەیی ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی (هاجەر) بوو. ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئەوەتا خوداوەند ڕێی منداڵبوونی لێ گرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەمدا جووت بە، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت.) ئەبرامیش بەقسەی سارەی کرد. ئینجا سارەی ژنی ئەبرام هاجەری میسری هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعاندا، دای بە ئەبرامی مێردی تا ببێت بە ژنی. ئیتر لەگەڵ هاجەردا جووت بوو، ئەویش سکی پڕ بوو. کاتێک کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووک بوو. ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئازارم لەسەر تۆ بێت. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی تۆوە، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووک بووم. با خوداوەند دادوەری نێوان من و تۆ بکات.)

ئەبرامیش بە سارەی وت: (ئەوەتا کەنیزەکەت لەبەر دەستی خۆت دایە، چیت پێ باشە وای لێبکە.) ئیتر سارەی هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی ڕایکرد. ئینجا فریشتەی خوداوەند هاجەری لەسەر کانییەک دۆزییەوە لە دەشتودەر. لەسەر ئەو کانییەی لە ڕێگای (شوور)ـە. فەرمووی:

(ئەی هاجەری کەنیزەی سارەی، لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟) ئەویش وتی: (لە دەست سارەی خانمی خۆم ڕامکردووە.) فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (بگەڕێوە لای خانمەکەت و ژێردەستەی بە.) هەروەها فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (وەچەکانت بێئەندازە زۆر دەکەم کەوا لەبەر زۆرییان لە ژماردن نەیەن.) دیسان فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (ئەوەتا سکت پڕە و کوڕێکت دەبێت و ناوی دەنێیت (ئیسماعیل)، چونکە خوداوەند گوێی لە زەلیلی تۆ بوو. ئەو مرۆڤێکی کەرە کێوی لێ دەردەچێت. دەستی لە دژی هەموو کەسێک دەبێت و دەستی هەموو کەسێکیش دژی ئەو. بەرامبەر هەموو براکانیشی نەیار دەبێت.)

ئینجا ئەم ناوەی لە خوداوەند نا کە لەگەڵیدا دووا، (تۆ ئەو خودایەی کە دەبینیت)، چونکە هاجەر وتی: (ئا لێرەشدا ئەوم بینی کە دەمبینێت.) لەبەر ئەمەشە کە ئەو بیرە بە (بیری لەحەی ڕۆئی) ناونراوە، ئەوەتا لەنێوان قادێش و (بەرەد)ـە. ئیتر هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش ئەو کوڕەی خۆی کە لە هاجەر بوو ناونا ئیسماعیل. ئەبرام تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو کاتێک هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو.

## پەیدابوون ١٧ پەیمانی خەتەنەکردن

کاتێک ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو، خوداوەند دەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو: (من خودای هەرە بە توانام، لەبەرچاومدا هاتوچۆ بکە و بێگلەیی بە. پەیمانی خۆم لەنێوان خۆم و تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم.) ئەبرامیش بەسەر ڕوویدا کەوت، خوداش پێی فەرموو: (لەلایەنی منەوە، ئەمەش پەیمانەکەمە لەگەڵ تۆدا، تۆ دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە. لەمەودواش ئیتر ناوت بە (ئەبرام) نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە (ئیبراهیم)، چونکە من تۆم کردە باوکی چەندین نەتەوە. زۆر زۆریش بەردارت دەکەم، پێم داویت ببیت بە چەندین نەتەوە و چەندین پاشات لێبکەوێتەوە. پەیمانی خۆم دەچەسپێنم لەنێوان خۆم و تۆ و وەچەی دوای خۆت لە نەوەکانیان، پەیمانێکی تاهەتایی، کەوا ببمە خودای خۆت و وەچەی دوای خۆت. ئەو خاکەی کۆچی تێدا دەکەیت، بە خۆت و بە وەچەی دوای خۆت دەدەم، هەموو خاکی کەنعان، موڵکێکی تاهەتایی و منیش دەبم بە خودایان.)

ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (تۆش پەیمانەکەم دەپارێزیت، خۆت و وەچەی دوای خۆت، لە نەوەکانیان. ئەمەش پەیمانەکەمە کە دەیپارێزن لەنێوان من و ئێوە و وەچەی دوای خۆت، هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن. لەشتان خەتەنە دەکەن و ئەمەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت، لە نەوەکانتان، ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایک بووە، یان ئەوەی بە زیو لە بیانی کڕاوە و وەچەی خۆت نییە. دەبێت ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایک بووە یان بە زیو کڕاوە بە تەواوی خەتەنە بکرێت، جا پەیمانەکەم لە لەشی ئێوەدا پەیمانێکی تاهەتایی دەبێت. هەر نێرینەیەکی خەتەنە نەکراویش، کەوا لەشی خەتەنە نەکرابێت، ئەوە لە نەتەوەکەیدا دادەبڕێت، چونکە پەیمانی منی شکاندووە.)

هەروەها خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (سارەی ژنیشت، ئیتر بە سارەی ناوی مەبە، بەڵکو ناوی دەبێت بە (سارا). بەرەکەتداری دەکەم و کوڕێکیشت لەوەوە پێ دەبەخشم. بەرەکەتداری دەکەم و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای نەتەوەکان لەوەوە دەبن.) ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: (ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێت؟) ئیبراهیم بە خودای وت: (خۆزگە ئیسماعیل لەبەردەم بەرەکەتی تۆدا ژیان بەسەر ببات.) ئینجا خوداش فەرمووی: (بەڵێ، بەڵام لە سارای ژنت کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت (ئیسحاق). پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی تاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای خۆی. بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا بەرەکەتداری دەکەم و بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە سەرۆک و دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت.)

کاتێک خودا لە قسەکانی بۆوە لەگەڵی، خودا لەسەر ئیبراهیم بەرز بۆوە. لە هەمان ڕۆژدا ئیبراهیم، ئیسماعیلی کوڕی و هەموو ئەوانەی لە ماڵەکەیدا لەدایک ببوون یان بە زیوی خۆی کڕابوون، هەموو نێرینەکانی ماڵەکەی خۆی هێنا و خەتەنەی کردن، وەک چۆن خودا پێی فەرموو بوو. ئیبراهیم تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو کاتێک لەشی خەتەنەکرا. ئیسماعیلی کوڕیشی تەمەنی سیانزە ساڵان بوو کاتێک لەشی خەتەنە کرا. لە هەمان ڕۆژدا ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی خەتەنە کران. هەموو پیاوەکانی ماڵەکەی، ئەوانەی لە ماڵەکەی لەدایک ببوون و ئەوانەی لە بیانی بە زیو کڕدرابوون لەگەڵ ئەودا خەتەنە کران.

ئینجا خوداوەند لەلای داربەڕووەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، لەو کاتەدا کە لە گەرمای ڕۆژدا لە دەرکی چادرەکەی‌دا دانیشتبوو. جا سەری هەڵبڕی و بینی ئەوەتا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون. کاتێک بینینی، لە دەرگای چادرەکەیەوە بەرەو ڕوویان ڕایکرد و سەری دانەواندە سەر زەوی. ئینجا وتی: (گەورەم، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، بەسەر خزمەتکارەکەت تێمەپەڕە. با تۆزێک ئاو بهێنرێت و پێتان بشۆن و لە ژێر دارەکە پاڵ بدەنەوە. پارووە نانێکیشتان بۆ دێنم تا بەری دڵتانی پێ بگرن و پاشان تێپەڕ بن، چونکە ئێوە بۆ لای خزمەتکارەکەتان هاتوون.) ئەوانیش فەرموویان: (ئەوەی وتت بیکە.)

ئیتر ئیبراهیم بە پەلە بەرەو چادرەکە چوو بۆ لای سارا و وتی: (خێرا سێ پێوانە ئاردی سفر بهێنە و بیشێلە و بیکە نانی برژاو.) هەروەها ئیبراهیم بۆ لای مێگەلەکە ڕایکرد و گوێرەکەیەکی ناسک و چاکی هێنا و دایە دەست کوڕێکەوە، ئەویش خێرا کەوتە ئامادەکردنی. ئینجا ماست و شیر و ئەو گوێرەکەیەی ئامادە کرابوو، هێنای و لەبەردەمیان‌دا داینا. خۆشی لە ژێر دارەکە بەسەریانەوە وەستا، کاتێک ئەوان نانەکەیان دەخوارد.

پاشان پێیان فەرموو: (کوا سارای ژنت؟) ئەویش وتی: (ئەوەتا لەناو چادرەکە دایە.) ئینجا خوداوەند فەرمووی: (بێگومان ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت کوڕێکی بووە.) ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کەوا لەپشتی ئەمەوە بوو، گوێی گرتبوو. ئیبراهیم و سارا دوو پیری بەساڵا چووبوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی بەسەر چووبوو. سارا لە دڵی خۆی‌دا پێکەنی و وتی: (ئایا دوای ئەوەی لە کەڵک کەوتووم و مێردەکەم پیر بووە، خۆشیم بۆ دەبێت؟) جا خوداوەند بە ئیبراهیمی فەرموو: (بۆچی سارا پێکەنی و وتی: "وا من پیر بووم، ئایا بە ڕاستی منداڵم دەبێت"؟ هیچ شتێک هەیە بۆ خوداوەند ئەستەم بێت؟ ساڵی داهاتوو لە کاتی دیاریکراو دێمەوە بۆ لات و ساراش کوڕێکی بووە.)

سارا درۆی کرد و وتی: (پێنەکەنیم)، چونکە ترسا، بەڵام ئەو فەرمووی: (بەڵێ، پێکەنیت.)

**ئیبراهیم بۆ سەدوم دەپاڕێتەوە**

ئینجا پیاوەکان لەوێ هەڵستان و ڕوویان لە سەدوم کرد، ئیبراهیمیش لەگەڵیان‌دا ڕۆیی، تاکو بەڕێیان بکات. خوداوەندیش فەرمووی: (ئایا ئەوەی خەریکم ئەنجامی بدەم لە ئیبراهیمی بشارمەوە؟ لە کاتێک‌دا ئیبراهیم، بێگومان دەبێتە نەتەوەیەکی مەزن و بەهێز، هەموو نەتەوەکانی زەویش لەوەوە بەرەکەتدار دەکرێن. چونکە ناسیوومە، بۆ ڕاسپاردنی منداڵەکانی و ماڵەکەی دوای خۆی تا ڕێگای خوداوەند بپارێزن، بۆ ئەوەی ڕاستودروستی و دادپەروەری بکەن، تاکو خوداوەند ئەوە بهێنێتە دی کەوا دەربارەی ئیبراهیم فەرموو‌بووی.) ئینجا خوداوەند فەرمووی: (هاواری سەدوم و عەمۆرا زۆر بووە و گوناهیان زۆر گەورە بووە. ئەوا دێمە خوارەوە تا ببینم ئاخۆ وەک هاوارەکەی کە هاتۆتە لای من، بە تەواوی وایان کردووە. ئەگەر نا، ئەوا دەزانم.)

ئینجا پیاوەکان ڕوویان کردە سەدوم و ڕۆیشتن، بەڵام ئیبراهیم هێشتا لەبەردەم خوداوەند وەستابوو. ئیبراهیم چووە پێشەوە و وتی: (ئایا لەگەڵ بەدکاردا ڕاستودروستیش لەناودەبەیت؟ ئەی ئەگەر شارەکە پەنجا ڕاستودروستی تێدابێت، ئایا هەر لەناوی دەبەیت و نایبەخشیت، لە پێناوی ئەو پەنجا ڕاستودروستەی تێیدایە؟ دوور بێت لە تۆ شتی وا بکەیت! ڕاستودروستیش لەگەڵ بەدکاردا بکوژیت. جا ڕاستودروست و بەدکار وەک یەکیان لێبێت. دوور بێت لە تۆ! ئایا دادوەری هەموو زەوی دادپەروەری ناکات؟) خوداوەندیش فەرمووی: (ئەگەر لە سەدوم پەنجا ڕاستودروست لە شارەکەدا ببینمەوە، ئەوا لە پێناوی ئەوان لە هەموو ئەو شوێنە دەبوورم.)

ئیبراهیم وەڵامی دایەوە و وتی: (ئەوەتا ئێستا دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ خوداوەندم، منێک کەوا خۆڵ و خۆڵەمێشم. ئەی ئەگەر لەو پەنجا ڕاستودروستە پێنجی کەم بوو؟ ئایا بۆ پێنج کەس هەموو شارەکە وێران دەکەیت؟) فەرمووی: (وێرانی ناکەم ئەگەر چل و پێنج لەوێ ببینمەوە.) دیسان کەوتەوە قسە لەگەڵی و وتی: (ئەی ئەگەر لەوێ چلی لێ‌بوو؟) فەرمووی: (لەبەر خاتری ئەو چلە، نایکەم.) ئینجا وتی: (با خوداوەندم تووڕە نەبێت و قسە بکەم، ئەی ئەگەر هەر سی لێ‌بوو؟) فەرمووی: (نایکەم، ئەگەر لەوێ سی ببینمەوە.) ئیبراهیم وتی: (ئیتر وا وێرام قسە لەگەڵ خوداوەندا بکەم، ئەی ئەگەر بیستی لێ‌بوو؟) فەرمووی: (لەبەر ئەو بیستە وێرانی ناکەم.) ئینجا وتی: (با خوداوەندم تووڕە نەبێت و هەر ئەم جارە قسە بکەم. ئەی ئەگەر دەی لێ‌بوو؟) فەرمووی: (لەبەر ئەو دەیە وێرانی ناکەم.) ئینجا دوای ئەوەی خوداوەند لەگەڵ ئیبراهیم لە قسەکردن بۆوە ڕۆیی، ئیبراهیمیش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

### پەیدابوون ٢٠ ئیبراهیم و ئەبیمەلەک

ئیبراهیم لەوێوە بەرەو زەوی نەگەڤ کۆچی کرد و لەنێوان قادێش و شووردا نیشتەجێ بوو، لە گرار ئاوارە بوو. ئیبراهیم سەبارەت بە سارای ژنی وتی: (ئەو خوشکمە.) ئینجا (ئەبیمەلەک)ی پاشای گرار ناردی و سارای برد. ئینجا خودا هاتە خەوی ئەبیمەلەک و پێی فەرموو: (ئەوا تۆ بەهۆی ئەو ژنەی بردووتە دەمریت، چونکە ئەو ژنێکی بە مێردە.) بەڵام هێشتا ئەبیمەلەک لە سارای نزیک نەکەوتبۆوە، وتی: (گەورەم، ئایا نەتەوەیەکی بێتاوان دەکوژیت؟ ئەی ئیبراهیمش پێی نەووتم "ئەو خوشکمە،" ساراش خۆی نەیووت "ئەو برامە"؟ من ئەمەم بە دڵسافی و دەستی پاکەوە کردووە.) خوداش لە خەوەکەدا پێی فەرموو: (منیش دەزانم تۆ ئەمەت بە دڵسافییەوە کردووە، هەر خۆشم ڕێگام لێ گرتیت کە گوناهم بەرامبەر بکەیت. لەبەر ئەوە بوو کە نەمهێشت دەستی بۆ ببەیت. ئێستاش ژنی پیاوەکە بگێڕەوە، ئەو پێغەمبەرە، لەپێناوی تۆ دوعا دەکات و دەژیت. ئەگەر نەشیگێڕیتەوە، ئەوە بزانە کە بێگومان دەمریت، خۆت و هەموو ئەوانەی هی تۆن.)

بۆ سبەی ئەبیمەلەک بەیانی زوو لە خەو هەڵستا و گشت خزمەتکارەکانی بانگکرد و هەموو ئەم شتانەی پێیان وت، پیاوەکانیش زۆر ترسان. ئینجا ئەبیمەلەک ئیبراهیمی بانگکرد و پێی وت: (ئەمە چییە بە ئێمەت کرد؟ چ گوناهێکم بەرامبەرت کردووە تاکو گوناهێکی وا گەورە بەسەر خۆم و شانشینەکەمدا بهێنیت؟ ئەو کارەی کە ناشێت بە منت کرد.) ئەبیمەلەک بە ئیبراهیمی وت: (چیت بینی تا ئەم شتەت کرد؟) ئیبراهیمیش وتی: (چونکە وتم: "لەم شوێنەدا هیچ ترسی خودا نییە، لەبەر ژنەکەشم من دەکوژن." لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستیدا ئەو خوشکمە، کچی باوکمە، بەڵام کچی دایکم نییە. ئیتر بووە ژنم. کاتێکیش خودا لەماڵی باوکمەوە ئاوارەی کردم، بە ژنەکەم وت: "ئەمە ئەو چاکەیە کە لەگەڵمدا دەکەیت، بۆ هەر شوێنێک چووین، سەبارەت بە من بڵێ: ئەو برامە.")

ئیتر ئەبیمەلەک مەڕ و مانگا و خزمەتکار و کارەکەری هێنا و دای بە ئیبراهیم، سارای ژنیشی گێڕایەوە بۆی. ئینجا ئەبیمەلەک وتی: (ئەوەتا زەوییەکەم لەبەردەمت دایە، هەر کوێیەکیت پێ باشە لەوێ دابنیشە.) بە ساراشی وت: (ئەوەتا من هەزار بەشە زیوم داوە بە براکەت. ئەمەش بەرامبەر بە ڕەنجاندنەکەی تۆیە لەبەردەم هەموو ئەوانەی لەگەڵتن و لای هەموو یەکێک، ئیتر تەواو ڕەفتاری دادوەرانەت لەگەڵ کراوە.) ئینجا ئیبراهیم لە خودا پاڕایەوە، خوداش ئەبیمەلەک و ژنەکەی و کەنیزەکانی چاککردەوە و منداڵیان بوو، چونکە هەرچی منداڵدانی ماڵی ئەبیمەلەک هەبوو، خوداوەند بە تەواوی بەست بووی، بەهۆی سارای ژنی ئیبراهیمەوە.

### پەیدابوون ٢١ لەدایکبوونی ئیسحاق

خوداوەند بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەر کردەوە، خوداوەند چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد. ئینجا سارا لە پیرەمێردییێتی ئیبراهیمدا سکی پڕ بوو و منداڵێکی بۆی بوو، لەو کاتەی کە خودا پێی فەرموو. ئیبراهیم کوڕە لەدایکبووەکەی خۆی کە سارا بۆی ببوو ناوی لێنا (ئیسحاق). کاتێک ئیسحاقی کوڕی بووە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەک چۆن خودا ڕایسپاردبوو. تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو کاتێک ئیسحاقی کوڕی بۆ لەدایک بوو.

سارا وتی: (خودا منی خستۆتە پێکەنین، هەر کەسێکیش ئەمە ببیستێت لەگەڵ مندا پێ دەکەنێت. هەروەها وتی: کێ بە ئیبراهیمی دەووت سارا شیر دەداتە منداڵان؟ چونکە لە پیرەمێردی ئەودا کوڕێکم بوو.)

### ئیبراهیم هاجەر و ئیسماعیل ڕەوانە دەکات

کوڕە گەورە بوو و لە شیر برایەوە. ئەو ڕۆژەش ئیسحاق لە شیر برایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد. سارا کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد. جا بە ئیبراهیمی وت: (ئەم ژنە کۆیلەیە و کوڕەکەی دەربکە. چونکە کوڕی ئەم کۆیلەیە لەگەڵ کوڕەکەم، لەگەڵ ئیسحاقدا میراتگر نابێت.) لەبەر کوڕەکەی ئەم شتە لەلای ئیبراهیم زۆر ناڕەحەت بوو. جا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (لات ناڕەحەت نەبێت لەبەر کوڕەکە و لەبەر کەنیزەکەت. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە لە ئیسحاقەوە وەچەت ناودەبردرێت. هەروەها کوڕی کۆیلەکەش دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە.) بۆ سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەڵستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و دای بە هاجەر. خستییە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکەدا ڕەوانەی کرد. ئەمیش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی (بیری شابەع)دا وێڵ بوو.

کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لەبن دەوەنێکدا دانا. ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە لە دووری تیراوێژێک بەرامبەری دانیشت، چونکە وتی:

(با مەرگی کوڕەکە نەبینم.) ئیتر بەرامبەری دانیشت و دەنگی بەرزکردەوە و گریا. خودا دەنگی کوڕەکەی بیست و فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە هاجەری بانگکرد و پێی فەرموو: (چیتە هاجەر؟ مەترسە، خودا دەنگی کوڕەکەی بیست لەو شوێنەی لێی دانراوە. هەستە کوڕەکە هەڵبگرە و دەستت بەهێز بکە، چونکە دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن.) ئینجا خودا هەردوو چاوی هاجەری کردەوە و ئەویش بیرێکی ئاوی بەدی کرد. ئیتر ڕۆیشت و مەشکەکەی پڕ کرد لە ئاو و ئاوی دا بە کوڕەکە. خودا لەگەڵ کوڕەدا بوو و گەورە بوو و لە چۆڵیدا دەژیا، بووە تیرهاوێژ. لە (چۆڵەوانی پاران)دا نیشتەجێ بوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنێکی بۆ هێنا.

**پەیمانی بیری شابەع**

لەو سەردەمەدا ئەبیمەلەک لەگەڵ (فیکۆل)دا کە فەرماندەی سوپاکەی بوو بە ئیبراهیمیان وت: (لە هەموو ئەوەی دەیکەیت خودا لەگەڵتە. ئێستاش ئا لێرەدا سوێندم بۆ بخۆ بە خودا کە ناپاکی نە لە خۆم و نە لە منداڵم و نە لە نەوەم نەکەیت. بەڵکو وەک ئەو چاکەیەی لەگەڵ تۆدا کردم لەگەڵمدا دەکەیت، هەروەها لەگەڵ ئەو خاکەی کە تێیدا ئاوارە بوویت.) ئیبراهیمیش وتی: (سوێند دەخۆم.)
ئینجا ئیبراهیم گلەیی لە ئەبیمەلەک کرد سەبارەت بەو بیرە ئاوەی خزمەتکارەکانی ئەبیمەلەک داگیریان کردبوو. ئەبیمەلەک وتی: (ئاگادار نیم کێ ئەم شتەی کردووە. هەروەها تۆ پێت ڕانەگەیاندووم و منیش ئەمڕۆ نەبێت نەمبیستووە.) ئینجا ئیبراهیم مەڕ و مانگای هێنا و دای بە ئەبیمەلەک، ئیتر هەردووکیان پەیمانیان بەست. ئیبراهیم حەوت مەڕی مێگەلی بە تەنیا ڕاگرت. ئەبیمەلەکیش بە ئیبراهیمی وت: (ئەم حەوت مەڕە چییە کە بە تەنیا ڕات گرتوون؟) ئەویش وتی: (ئەم حەوت مەڕە لە دەستم وەردەگریت بۆ ئەوەی ببێت بە شایەتییەک بۆم کە من ئەم بیرەم هەڵکەندووە.) لەبەر ئەوە ئەو شوێنەی ناونا بە بیری شابەع، چونکە هەردووکیان لەوێ سوێندیان خوارد. جا لە بیری شابەع پەیمانیان بەست، ئینجا ئەبیمەلەک و فیکۆلی فەرماندەی سوپاکەی هەڵستان و گەڕانەوە خاکی فەلەستییەکان. ئینجا ئیبراهیم داری گەزی لە بیری شابەعدا چاند، لەوێشدا بە ناوی (خوداوەند خودای تاهەتایی)ـەوە نوێژی کرد. ئیتر ئیبراهیم لە خاکی فەلەستییەکاندا ڕۆژانێکی زۆری بە ئاوارەیی بەسەر برد.

**پەیدابوون ٢٢ — تاقیکردنەوەی ئیبراهیم**

دوای ماوەیەک خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە. پێی فەرموو: (ئیبراهیم!) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) ئینجا خودا فەرمووی: (کوڕەکەت، تاقانەکەت ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، ببە و بڕۆ زەوی (مۆریا). لەوێ بیکە قوربانیسووتاندن، لەسەر یەکێک لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.) بۆ بەیانی ئیبراهیم زوو لە خەو هەڵستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد و داریشی بڕی بۆ قوربانیسووتاندن. ئینجا هەڵستا و ڕۆیی بۆ ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو. لە ڕۆژی سێیەمدا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی وت: (ئێوە بۆ خۆتان لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەش تا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان.) ئیبراهیم داری قوربانیسووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی و خۆشی بە دەستی ئاگر و چەقۆیەکەی هەڵگرت و هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. ئینجا ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی وت: (باوکە!) ئەویش پێی وت: (ها کوڕم؟) ئینجا وتی: (ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەرخەکە بۆ قوربانیسووتاندنەکەیە؟) ئیبراهیمیش وتی: (خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانیسووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.) ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.
کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی دروستکرد و دارەکانی لەسەر ڕێک خست و ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستییە سەر قوربانگاکە لەسەر دارەکان. ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژ کرد و چەقۆیەکەی هەڵگرت تا کوڕەکەی خۆی سەرببڕێت. بەڵام فریشتەی خوداوەند لە ئاسمانەوە بانگی کرد و فەرمووی: (ئیبراهیم! ئیبراهیم!) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) پێی فەرموو: (دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە تۆ کوڕە تاقانەکەت بە خۆتەوە نەگرت لە پێناوی من.) ئینجا ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی ئەوەتا بەرانێک لە دوایەوە لەناو دەوەنەکەدا بە هەردوو قۆچی گیربووە، جا ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەک قوربانیسووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. ئیتر ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناونا، (خوداوەند دابینی دەکات). وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەووترێت، (لە کێوی خوداوەند، دابین دەکرێت.)
فریشتەکەی خوداوەند جارێکی دیکە لە ئاسمانەوە ئیبراهیمی بانگکرد و ئینجا فەرمووی: (خوداوەند دەڵێت سوێندبێت بە خۆم، لەبەر ئەوەی تۆ ئەمەت کرد و دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت، بێگومان بەرەکەتدارت دەکەم و نەوەکەت وەک ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان و وەک لمی سەر

کەناری دەریا زۆر دەکەم، نەوەت دەبێتە میراتگری دەرگای دوژمنەکانی. لە نەوەی تۆشەوە هەموو نەتەوەکانی زەوی بەرەکەتدار دەکرێن، چونکە تۆ گوێڕایەڵی قسەکەی من بوویت.) ئینجا ئیبراهیم گەڕایەوە لای دوو خزمەتکارەکەی. ئیتر هەڵستان و پێکەوە بۆ بیری شابەع ڕۆیشتن. ئیبراهیم لەلای بیری شابەعدا نیشتەجێ بوو.

**کوڕانی ناحۆر**

دوای ماوەیەک بە ئیبراهیم وترا: ئەوەتا میلکەشی براژنت کوڕانی بۆ ناحۆری برات بووە، عوچ کە نۆبەرەکەیەتی و (بووز)ی برای، هەروەها (قەموئێل)یش کە باوکی ئارامە. هەروەها (کەسەد) و (حەزۆ) و (پیلداش) و (یدلاف) و (بتوئێل). بتوئێلیش (ڕڤقە)ی بوو. ئەم هەشتە لە میلکە بوون بۆ ناحۆری برای ئیبراهیم. کەنیزەکەشی کە ناوی (ڕەئوومە) بوو، ئەویش (تەڤەح) و (گەحەم) و (تەحەش) و (مەعکا)ی بوو.

**پەیدابوون ٢٣ — مردنی سارا**

هەموو ساڵانی ژیانی سارا سەد و بیست و حەوت ساڵ بوو. ئینجا سارا لە (قیریەت ئەربەع) کە حەبرۆنە لە خاکی کەنعاندا مرد. ئیبراهیمیش هات تا بۆ سارا بلاوێتەوە و بەسەریدا بگرییێت. ئیبراهیم لەبەردەم مردووەکەی هەڵستا و لەگەڵ حیسییەکان قسەی کرد و وتی: (من نامۆ و ئاوارەم لەنێو ئێوەدا. لەلای خۆتان گۆڕێکم بە موڵک بدەنێ، تا بتوانم مردووەکەم لەبەردەمم بنێژم.) حیسییەکان وەڵامی ئیبراهیمیان دایەوە و پێیان وت: (گوێمان لێبگرە گەورەم، تۆ لەنێوانماندا میرێکی بە توانایت. مردووەکەی خۆت لە باشترین گۆڕی ئێمەدا بنێژە. هیچ پیاوێکیش لە ئێمە بەرامبەر بە تۆ دەست بە گۆڕەکەیەوە ناگرێت، تا مردووەکەتی تێدا نەنێژیت.) ئیبراهیمیش هەڵستا و کرنۆشی بۆ خەڵکی زەوییەکە برد، بۆ حیسییەکان. ئینجا قسەی لەگەڵ کردن و وتی: (ئەگەر ڕازین بەوەی مردووەکەم کە لەبەردەممە بینێژم، ئەوا گوێم لێ بگرن و لە (عەفرۆن)ی کوڕی (چۆحەر) داوام بۆ بکەن. ئەشکەوتەکەی (مەخپێلە)م پێ بفرۆشێت کەوا هی ئەوە و دەکەوێتە کەنار کێڵگەکەی. با بە نرخی تەواوی خۆشی بمداتێ تا لەنێو ئێوەدا بۆ گۆڕ ببێت بە موڵکم.)

عەفرۆنی حیسی لەنێو حیسییەکاندا دانیشتبوو. ئینجا لەبەرچاوی هەموو حیسییەکان، هەموو ئەوانەی هاتبوونە ناو دەروازەی شارەکەی، وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە و وتی: (نا گەورەم، گوێت لێم بێت، کێڵگەکەم بە تۆ بەخشی، ئەشکەوتەکەشی تێیدایە بەخشیومەتە تۆ. لەبەرچاوی گەلەکەم پێم بەخشیت. مردووەکەی خۆت بنێژە.) ئیبراهیمیش لەبەردەم خەڵکی زەوییەکەدا کڕنۆشی برد. ئینجا لەبەرچاوی خەڵکی زەوییەکە بە عەفرۆنی وت: (بەڵام ئەگەر تۆ ڕازیت، ئەوا حەز دەکەم گوێشم لێ بگریت: نرخی کێڵگەکەت دەدەمێ لێمی وەربگرە، ئینجا مردووەکەی خۆم لەوێ دەنێژم.) عەفرۆنیش وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە و وتی: (گوێم لێ بگرە گەورەم، زەوییەکە بایی چوار سەد شاقل زیوە، بەڵام ئەوە چییە لەنێوان من و تۆدا! مردووەکەی خۆت بنێژە.)

ئیبراهیمیش گوێی لە عەفرۆن گرت و لەبەرچاوی حیسییەکان ئەو بڕە زیوەی بۆ عەفرۆن کێشا. چوار سەد شاقل زیو، بەو کێشانەی لای بازرگانەکان باوبوو.

ئیتر کێڵگەکەی عەفرۆن ئەوەی لە مەخپێلەیە ئەوەی لەبەردەم مەمرێیە، کێڵگەکە و ئەشکەوتەکە کە لەناوییەتی، هەروەها هەموو ئەو دارانەی لەناو کێڵگەکەیە و لە سنووری دەوروبەریەتی، بووە موڵکی ئیبراهیم، لەبەرچاوی هەموو حیسییەکان، هەموو ئەوانەی هاتبوونە ناو دەروازەی شارەکە. دوای ئەوە ئیبراهیم سارای ژنی لەناو ئەشکەوتەکەی کێڵگەی مەخپێلەدا ناشت کە لەبەردەم مەمرێیە و ئەوەش حەبرۆنە لە خاکی کەنعاندا. ئیتر کێڵگەکە و ئەشکەوتەکەی ناوی بووە موڵکی ئیبراهیم بۆ گۆڕ لەلای حیسییەکان.

**پەیدابوون ٢٤ — ئیسحاق و ڕڤقە**

[١] ئیبراهیم پیر بوو و چووە ساڵەوە. <u>خوداوەند</u>یش ئیبراهیمی لە هەموو شتێکدا بەرەکەتدار کرد. [٢] ئینجا ئیبراهیم بە خزمەتکارە گەورەی ماڵەکەی وت کە هەرچییەکیشی هەبوو بە دەست ئەو بوو: (دەست بخەرە ژێر ڕانمەوە. [٣] سوێندت دەدەم بە <u>خوداوەند</u>، خودای ئاسمان و خودای زەوی، کەوا هیچ ژنێک ناخوازیت بۆ کوڕەکەم لە کچانی کەنعانییەکان، کەوا خۆم نیشتەجێی نێوانیانم. [٤] بەڵکو دەڕۆیت بۆ خاکەکەم و بۆ لای کەسوکارەکەم و لەوێ ژنێک بۆ کوڕەکەم، بۆ ئیسحاق دەهێنیت.) [٥] خزمەتکارەکەش پێی وت: (ئەی ئەگەر ئافرەتەکە نەیویست دوام بکەوێت بۆ ئەم زەوییە؟ ئایا کوڕەکەت

بگەڕێنمەوە ئەو زەوییەی لێوەی دەرچوویت؟) ٦ ئیبراهیمیش پێی وت: (ئاگاداربە کوڕەکەم نەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوێ. ٧ خوداوەند، خودای ئاسمان، ئەوەی
لە ماڵی باوکم و لە خاکی لەدایکبوونمەوە منی برد و ئەوەی پێی فەرمووم و ئەوەی سوێندی بۆ خواردم و فەرمووی: "ئەم زەوییە بە نەوەی تۆ
دەبەخشم." ئەو فریشتەی خۆی لەپێشتەوە دەنێرێت و لەوێ ژنێک بۆ کوڕەکەم دەهێنیت. ٨ خۆ ئەگەر ئافرەتەکەش نەیویست لەگەڵت بێتەوە، ئەوا
گەردنت ئازاد دەبێت لەم سوێندەی من. تەنها نەکەیت کوڕەکەم ببەیتەوە بۆ ئەوێ.) ٩ ئینجا خزمەتکارەکە دەستی خستە ژێر ڕانی ئیبراهیمی
گەورەیەوە و سوێندی لەسەر ئەمە بۆ خوارد.
١٠ ئیتر خزمەتکارەکە دە وشتری لە وشترەکانی گەورەکەی برد و ڕۆیشت، هەموو شتە باشەکانی گەورەکەشی بە دەستیەوە بوو، هەڵستا و ڕۆیشت بۆ
(ئارامی دوو ڕووبار) بۆ شارەکەی ناحۆر. ١١ لە دەرەوەی شارەکە لای بیرە ئاوێک وشترەکانی خست. جا دەمەو ئێوارە ئەو کاتەی کچەکان دەهاتنە
دەرەوە بۆ ئاوکێشان. ١٢ ئینجا نوێژی کرد: (ئەی خوداوەند، خودای ئیبراهیمی گەورەم، ئەمڕۆ بۆ ئاسان بکەیت، چاکە لەگەڵ ئیبراهیمی گەورەمدا
بکەیت. ١٣ ئەوەتا من لای ئەم کانیی ئاوە وەستاوم و کچانی خەڵکی شارەکە دێنە دەرەوە بۆ ئاوکێشان. ١٤ دەبا ئەو کچەی پێی دەڵێم، "گۆزەکەتم بۆ
لارکەوە با ئاو بخۆمەوە،" ئەویش بڵێت، "بخۆرەوە، هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم." با ئەوت هەڵبژاردبێت بۆ خزمەتکارەکەت بۆ ئیسحاق. بەمەش
دەزانم کەوا چاکەت لەگەڵ گەورەکەمدا کردووە.)
١٥ ئەوە بوو پێش ئەوەی لە نوێژکردن ببێتەوە، ڕڤقە ئەوەی کچی بتوئێلی کوڕی میلکەی ژنی ناحۆری برای ئیبراهیم، بە خۆی و گۆزەکەی سەر
شانییەوە هاتە دەرەوە. ١٦ کچێکی زۆر جوان بوو، پاکیزە بوو، دەستی هیچ پیاوێکی بەر نەکەوتبوو. هاتە خوارێ بۆ لای کانییەکە و گۆزەکەی پڕ کرد
و سەرکەوتەوە.
١٧ خزمەتکارەکەش ڕایکرد بۆ لای و وتی: (تۆزێک ئاوم لە گۆزەکەت بدەرێ.) ١٨ ئەویش وتی: (بخۆوە گەورەم.) ئیتر بە پەلە گۆزەکەی لەسەر
دەستی داگرت و ئاوی پێ دا. ١٩ دوای ئەوەی ئاوی پێ دا، وتی: (هەروەها وشترەکانیشت ئاو دەدەم، تا تێر دەخۆنەوە.) ٢٠ ئینجا بە پەلە گۆزەکەی
بەتاڵ کردە ناو ئاخۆڕەکە و بە ڕاکردن گەڕایەوە لای بیرەکە تا ئاو هەڵبکێشێتەوە، ئیتر ئاوی بە هەموو وشترەکان دا. ٢١ پیاوەکەش بە بێدەنگی لێی
ورد دەبۆوە تا بزانێت ئایا خوداوەند ڕێگاکەی سەرکەوتوو کردووە یان نا؟
٢٢ کاتێک وشترەکان لە ئاوخواردنەوە بوونەوە، پیاوەکە لووتەوانەیەکی زێڕی هێنا کەوا کێشەکەی نیو شاقل بوو لەگەڵ دوو بازنی زێڕ کەوا کێشیان دە
شاقل بوو. ٢٣ ئینجا لێی پرسی: (تۆ کچی کێیت؟ دەتوانیت پێم بڵێیت ئایا لە ماڵی باوکتدا شوێن هەیە بۆمان تێیدا بمێنینەوە؟) ٢٤ ئەویش وەڵامی
دایەوە: (من کچی بتوئێلم، کوڕی میلکە ئەوەی لە ناحۆر بووە. ٢٥ پێیشی وت: کا و ئالیکی زۆرمان لەلایە، هەروەها شوێنیش بۆ مانەوە.) ٢٦ ئیتر
پیاوەکە چۆکی دادا و کڕنۆشی بۆ خوداوەند برد، ٢٧ ئینجا وتی: (ستایش بۆ خوداوەند، خودای ئیبراهیمی گەورەم کەوا وازی لە خۆشەویستییە
نەگۆڕەکەی و دڵسۆزییەکەی نەهێنا لەگەڵ ئیبراهیمی گەورەم، من بەڕێوە بووم، خوداوەند ڕێنمایی کردم بۆ ماڵی برایانی گەورەکەم.) ٢٨ کچەش
ڕایکرد و ئەم شتانەی بە ماڵی دایکی ڕاگەیاند. ٢٩ ڕڤقەش برایەکی هەبوو ناوی (لابان) بوو، لابان ڕایکردە دەرەوە بۆ لای پیاوەکە، بۆ لای
کانییەکە. ٣٠ ئەوە بوو کە لووتەوانە و بازنەکانی دەستی خوشکەکەی بینی و گوێی لە قسەکانی ڕڤقەی خوشکی بوو کە وتی: (پیاوەکە ئاوا قسەی
لەگەڵدا کردم،) هاتە دەرەوە بۆ لای پیاوەکە و بینی وا لای وشترەکان لەسەر کانییەکە وەستاوە. ٣١ ئینجا وتی: (فەرموو، ئەی بەرەکەتداری
خوداوەند، بۆ لە دەرەوە ڕاوەستاویت؟ ئەوا من ماڵم ئامادە کردووە و شوێنیش بۆ وشترەکان.) ٣٢ ئیتر پیاوەکە هاتە ماڵەوە و باری وشترەکانی کردەوە
و کا و ئالیکی دا بە وشترەکان و ئاو بۆ شوشتنی پێی و پێی ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا بوون. ٣٣ ئینجا نان خرایە بەردەمی تا بیخوات، بەڵام وتی: (نان
ناخۆم تا قسەی خۆم نەکەم.) لابانیش وتی: (قسە بکە.)
٣٤ ئینجا وتی: (من خزمەتکاری ئیبراهیمم، ٣٥ خوداوەندیش گەورەکەمی زۆر بەرەکەتدار کردووە، مەزن بووە، مەڕ و مانگا و زیو و زێڕ و خزمەتکار و
کارەکەر و وشتر و گوێدرێژی داوەتێ. ٣٦ سارای ژنی گەورەکەم لە تەمەنی پیریدا کوڕێکی بۆ گەورەم بووە، هەرچییەکی هەیە داویەتی بەو.
٣٧ گەورەشم سوێندی دام و وتی: "هیچ ژنێک نەخوازیت بۆ کوڕەکەم لە کچانی کەنعانییەکان، کەوا خۆم نیشتەجێی خاکەکەیانم. ٣٨ بەڵکو دەچیت بۆ
ماڵی باوکم بۆ لای کەسوکارەکەم و ژن بۆ کوڕەکەم دەخوازیت." ٣٩ (منیش بە گەورەمم وت: "ئەی ئەگەر ئافرەتەکە لەگەڵ مندا نەیەتەوە؟"
٤٠ (ئەویش پێی وتم: "خوداوەند ئەوەی لەبەردەمی هاتوچۆم کرد، فریشتەی خۆیت لەگەڵ دەنێرێت و ڕێگاکەت سەرکەوتوو دەکات و ژنێک بۆ
کوڕەکەم دەخوازیت لە کەسوکارەکەم و لە ماڵی باوکم. ٤١ ئاوا سوێندەکەم بەتاڵ دەبێت، کاتێک بچیت بۆ لای کەسوکارەکەم، ئەگەر نەتدەنێ ئەوا
گەردنت ئازاد دەبێت لە سوێندەکەم."

٤٢ (جا ئەمڕۆ کە هاتمە لای کانییەکە، وتم: "ئەی خوداوەند، خودای ئیبراهیمی گەورەم، ئەگەر ڕێگاکەم سەرکەوتوو دەکەیت کە لەسەری دەڕۆم،
٤٣ ئەوەتا من لەسەر ئەم کانیی ئاوە وەستاوم، دەبا ئەو کچەی کە دێتە دەرەوە بۆ ئاوکێشان و پێی دەڵێم: (تۆزێک ئاوم لە گۆزەکەت بدەرێ.)
٤٤ ئەویش پێم دەڵێت: (تۆ بخۆوە، هەروەها ئاو بۆ وشترەکانیشت دەکێشمەوە.) ئەوە ئەو ژنە بێت کەوا خوداوەند بۆ کوڕی گەورەکەمی هەڵبژاردووە."
٤٥ (ئەوە بوو هێشتا قسەکەم لە دڵی خۆمدا تەواو نەکردبوو کە ڕڤقە هاتە دەرەوە و گۆزەکەی لەسەر شانی بوو. ئیتر هاتە خوارێ بۆ لای کانییەکە و
گۆزەکەی پڕ کرد. منیش پێم وت: "ئاوم پێ بدە." ٤٦ (ئەویش بە پەلە گۆزەکەی سەر شانی خۆی داگرت و وتی: "تۆ بخۆوە، هەروەها وشترەکانیشت
ئاو دەدەم." منیش خواردمەوە، هەروەها وشترەکانیشی ئاو دا. ٤٧ (پرسیارم لێکرد و وتم: "تۆ کچی کێیت؟" (ئەویش وتی: "کچی بتوئێلی کوڕی
ناحۆرم ئەوەی لە میلکەیە." (ئیتر لووتەوانەکەم کردە لووتی و بازنەکانیشم کردە دەستی. ٤٨ منیش چۆکم دادا و کڕنۆشم بۆ خوداوەند برد. ستایشی
خوداوەندم کرد، خودای ئیبراهیمی گەورەم، کەوا ڕێنمایی کردم بۆ سەر ڕێگای ڕاست بۆ ئەوەی کچی برای گەورەکەم بۆ کوڕەکەی بهێنم.
٤٩ ئێستاش ئەگەر چاکە و بەوەفایی لەگەڵ گەورەکەم دەکەن، ئەوا پێم ڕابگەیێنن، خۆ ئەگەر نا، ئەوا پێم ڕابگەیێنن، تا ڕوو لە ڕاست یان لە چەپ
بکەم.)
٥٠ لابان و بتوئێل وەڵامیان دایەوە و وتیان: (ئەم کارە لەلای خوداوەندەوە دەرچووە، ناتوانین نە بە خراپ و نە بە چاک هیچت پێ بڵێین. ٥١ ئەوەتا
ڕڤقە لەبەردەمت دایە، بیبە و بڕۆ، با ببێت بە ژنی کوڕی گەورەکەت وەک چۆن خوداوەند فەرمووی.)
٥٢ ئیتر کە خزمەتکارەکەی ئیبراهیم گوێی لە قسەکانیان بوو، کڕنۆشی بەرەو زەوی برد بۆ خوداوەند. ٥٣ ئینجا خزمەتکارەکە قاپی زیو و قاپی زێڕ و
جلوبەرگی دەرهێنا و پێشکەشی ڕڤقەی کرد، هەروەها دیاری گرانبەهای دا بە براکەی و دایکی. ٥٤ ئیتر خۆی و پیاوەکانی کە لەگەڵی بوون
خواردیان و خواردیانەوە و لەوێ مانەوە. بۆ بەیانی لە خەو هەڵستان و وتی: (بمنێرنەوە بۆ لای گەورەکەم.) ٥٥ براکەی و دایکی وتیان: (با کچەکە
چەند ڕۆژێک یان دە ڕۆژ لامان بمێنێتەوە، پاشان بکەوێتە ڕێ.) ٥٦ ئەویش پێی وتن: (دوام مەخەن کە خوداوەند ڕێگای بۆ سەرکەوتوو کردووم.
بمنێرنەوە و دەڕۆمەوە بۆ لای گەورەکەم.) ٥٧ ئەوانیش وتیان: (کچەکە بانگ دەکەین و پرسیاری لێ دەکەین.) ٥٨ ئیتر ڕڤقەیان بانگکرد و پێیان
وت: (لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەڕۆیت؟)
ئەویش وتی: (دەڕۆم.) ٥٩ ئیتر ڕڤقەی خوشکیان و دایەنەکەی و خزمەتکارەکەی ئیبراهیم و پیاوەکانییان بەڕێ کرد. ٦٠ داوای بەرەکەتیان بۆ ڕڤقەش
کرد و پێیان وت: (خوشکمان، پتر بن هەزار لەسەر هەزار، با نەوەکانیشت ببن بە میراتگری دەروازەی ناحەزانیان.) ٦١ ئینجا ڕڤقە و کەنیزەکانی
هەڵستان و سواری وشترەکان بوون و دوای پیاوەکە کەوتن. ئیتر خزمەتکارەکە ڕڤقەی برد و ڕۆیشت.
٦٢ ئیسحاق کە لە زەوی نەگەڤ نیشتەجێ بوو، لە ڕێگای بیری لەحەی ڕۆئییەوە هاتبووەوە. ٦٣ ئیسحاق دەمەو ئێوارە ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ناو کێڵگەکە
و نووقمی بیرکردنەوە بوو، کە چاوی هەڵبڕی، بینی ئەوەتا هەندێک وشتر بەرەوڕووی دێن. ٦٤ ڕڤقەش چاوی هەڵبڕی و ئیسحاقی بینی. ئیتر لە
وشترەکە دابەزی. ٦٥ بە خزمەتکارەکەی وت: (ئەم پیاوە کێیە وا لە کێڵگەکەدا بۆ لامان دێت؟) خزمەتکارەکەش وتی: (ئەوە گەورەکەمە.) ئەویش
بە ڕووپۆشەکەی خۆی داپۆشی. ٦٦ ئیتر خزمەتکارەکە هەرچی کردبوو بۆ ئیسحاقی گێڕایەوە. ٦٧ ئیسحاقیش ڕڤقەی بردە ناو چادرەکەی سارای دایکی،
هێنای و بوو بە ژنی و خۆشی ویست. ئەمەش بووە دڵنەوایی ئیسحاق لە دوای مردنی دایکی.

## **پەیدابوون ٢٥: ١-١١** مردنی ئیبراهیم

ئیبراهیم جارێکی دیکە ژنی هێنا و ناوی (قەتورە) بوو. ئەویش (زیمران) و (یۆقشان) و (مەدان) و (میدیان) و (یشباق) و (شوەح)ی بۆ بوو. یۆقشانیش باوکی شەبا و دیدانی بوو. وەچەکانی دیدانیش، ئەشوورییەکان و (لەتوش)ییەکان و (لەئوم)ییەکان بوون. کوڕانی میدیانیش، (عێیفا) و (عێفەر) و (حەنۆک) و (ئەبیداع) و (ئەلداعە) بوون. ئەمانە هەموو کوڕی قەتورە بوون.

ئیبراهیم هەرچییەکی هەبوو دای بە ئیسحاق. بەو کوڕانەش کەوا لە کەنیزەکانی ئیبراهیم بوون، ئیبراهیم کاتێک هێشتا لە ژیاندا بوو، دیاری دانێ و بەرەو ڕۆژهەڵات ناردنی، بۆ خاکی ڕۆژهەڵات دوور لە ئیسحاقی کوڕی.

ئەمەشساڵانی ژیانی ئیبراهیمە، کە سەد و حەفتا و پێنج ساڵ ژیا. ئینجا ئیبراهیم لە تەمەنێکی باشی پیریدا، دواهەناسەی دا و مرد، پیرەمێردێکی تێر لە ژیان خواردوو، ئیتر چووەوە پاڵ گەلەکەی خۆی. هەردوو کوڕەکەشی، ئیسحاق و ئیسماعیل، هێنایان لە ئەشکەوتەکەی مەخپێلە کە لەبەردەم مەمرێیە بە خاکیان سپارد، لە کێڵگەکەی عەفرۆنی کوڕی چۆحەری حیسی. ئەو کێڵگەیەی ئیبراهیم لە حیسییەکان کڕی. لەوێ ئیبراهیم لەگەڵ

سارای ژنی بە خاک سپێردرا. دوای مردنی ئیبراهیم، خودا ئیسحاقی کوڕی بەرەکەتدار کرد. ئیسحاقیش لەلای بیری لەحەی ڕۆئییەوە نیشتەجێ بوو.

## لە ئینجیلی

**کرداری نێردراوان ٧ : ٢، ٨ و ١٣: ٢٦**

ئەویش وتی: (برایان و باوکان گوێبگرن، خودای شکۆ بۆ ئیبراهیمی باوکمان دەرکەوت کاتێ لە میسۆپۆتامیا بوو، پێش ئەوەی لە حاران نیشتەجێ بێت، خوداش پەیمانی خەتەنەکردنی لەگەڵ ئیبراهیم بەست. ئاوا ئیسحاقی بوو، لە هەشت ڕۆژیدا خەتەنەی کرد. ئیسحاقیش یاقوبی بوو، یاقوبیش دوازدە باوکەکە. خەڵکینە، برایان، کوڕانی پشتی ئیبراهیم و ئەوانەی لەنێوتاندا لە خودا دەترسن، پەیامی ئەم ڕزگارییە بۆ ئێمە نێردراوە.

**نامەی پۆڵۆس بۆ باوەڕدارانی ڕۆما ٤: ١-٣، ٩، ١٢- ١٣، ١٦**

ئیتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی پەیداکرد؟ چونکە ئەگەر ئیبراهیم بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەک لەلای خودا. چونکە نووسراوەکە چی دەفەرمووێ؟ {ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.} ئایا ئەم خۆزگەخواستنە تەنها بۆ خەتەنەکراوانە یان بۆ خەتەنە نەکراوانیشە؟ چونکە دەڵێین، باوەڕ بۆ ئیبراهیم بە ڕاستودروستی دانرا. هەروەها باوکی ئەو خەتەنەکراوانەی نەک تەنها خەتەنەکراون، بەڵکو هەنگاوەکانی باوەڕی ئیبراهیمی باوکیشمان دەپارێزن، کە هێشتا خەتەنە نەکرابوو. جا ئەو بەڵێنەی بۆ ئیبراهیم یان بۆ نەوەکەی بوو تاکو ببێتە میراتگری جیهان، بەهۆی شەریعەت نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو ڕاستودروستییەی کە بە ڕێگای باوەڕە. بۆیە بەڵێن لە باوەڕەوەیە، تاکو بەگوێرەی نیعمەت بێت و بۆ هەموو نەوەکە مسۆگەر بێت، نەک تەنها بۆ تەوراتداران، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە باوەڕی ئیبراهیمیان هەیە. ئەوەی باوکی هەموومانە.

**نامەی پۆڵۆس بۆ کڵێساکانی گەلاتیا ٣: ٧-٩، ١٤-١٨**

جا بزانن ئەوانەی لە باوەڕدان، نەوەی ئیبراهیمن. نووسراوەکە پێشتر بینیوویەتی کە خودا نەتەوەکان بەهۆی باوەڕ بێتاوان دەکات، پێشتر موژدەی بە ئیبراهیم دا، پێی فەرموو: {بەهۆی تۆوە هەموو نەتەوەکان بەرەکەتدار دەکرێن.} کەواتە ئەوانەی باوەڕدارن، لەگەڵ ئیبراهیمی باوەڕدار بەرەکەتدار دەبن. تاکو لە عیسای مەسیحدا بەرەکەتی ئیبراهیم بۆ نەتەوەکان بێت، بۆ ئەوەی بەهۆی باوەڕ بەڵێنی ڕۆحی پیرۆز بەدەست بهێنین. خوشکان، برایان، با نموونەیەکی مرۆڤانەتان بۆ بهێنمەوە: ئەگەر یەکێک پەیمانێکی مۆرکراوی پێ بێت، کەس ناتوانێت بەتاڵی بکاتەوە یاخود شتێکی بخاتە سەر. هەروەک بەڵێنەکان بۆ ئیبراهیم و نەوەکەی وتراوە. نووسراوەکە نافەرمووێت: (بە نەوەکان) وەک ئەوەی زۆر بن، بەڵام {بە نەوەی تۆ} واتا یەک، ئەوەی مەسیحە. مەبەستم ئەوەیە: ئەو شەریعەتەی پاش چوار سەد و سی ساڵ هات، پەیمانی چەسپاوی پێشووی خودا بەتاڵ ناکاتەوە، تاکو بەڵێنەکە بشکێنێت. چونکە ئەگەر میرات بەهۆی شەریعەت هەبێت، ئیتر بەهۆی بەڵێن نییە. بەڵام خودا بە نیعمەتی خۆی بەڵێنی بە ئیبراهیم دا.

**ئازیزانی خۆشەویست، ئەگەر هەر پرسیارێك یان سەرنجێكتان هەیە دەربارەی ئەم چیرۆكی، تكایە بۆمان (كۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی) بنوسن بەم ئیمەیڵە:** rrd2011@yahoo.com

كۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی

The Life of Abraham

Sorani Old Testament (Draft)
Biblica 2011